سەرکی پارتی کرێکارانی بریتانیا بەڵێنی کەمکردنەوەی ژمارەی کۆچبەران لە بریتانیا دوای هەڵبژاردنی دەکات



بگوترێ ئامارە فەرمییەکان، ژمارەی کۆچبەران لە بریتانیا لە ساڵی 2023دا گەیشتە 685 هەزار کەسی تر، ئەمەش دووەم بەرزترین ئاستە دوای ئاوی ساڵی 2022 نزیکەی 764 هەزار کۆچبەر لەم وڵاتە تۆمارکرا.

سەرکی پارتی کرێکارانی بریتانیا، کێر ستارمر بەڵێنی داوە ژمارەی کۆچبەران کەم بکاتەوە، لە کاتێکدا ڕاپرسییەکان ئاماژە بەوە دەکەن حیزبەکەی لە هەڵبژاردنەکانی بریتانیا کە بەیارە لە (4ـی تەممووزی 2024) بەڵەوبچێت براوە دەبێت.

ستارمر لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی Sun The کە ئەمڕە یەکشەممە باوکرایەوە وتی: "ژمارەی کۆچبەران کەم دەکەمەوە، لە کاتێکدا پارتی پارێزگاران کە بە ماوەی 14 ساڵ فەرمانڕەوایی بریتانیا دەکەن، ماوەیەکی زۆرە بابەتێکیان لە ناوەندی مشتومڕی گشتی لە بریتانیا داناوە".

ستارمر وتیشی: "ئێگەر متمانەم پێبدەن و کلیلەکانی شەقامی داونینگم پێ ببەخشن، ئەوا ئەو بڕیارانە دەدەم: سنووورەکانمان کۆنترۆڵ دەکەم و دنیا دەبمەوە لەوەی کەمپانیا بریتانییەکان یارمەتی دەدرێن بۆ ئاوەی هاوڵاتیانی بریتانییەکان بەکاربهێنن بۆ کارکردن و دامەزراندنیان".

بگوترێ ڕۆژنامەی Sun The، پارتی کرێکاران پلانی هەیە ئەو کەمپانیایانە قەدەغەبکات کە یاساکانی

کار پێشڵ دەکەن لە بەکارهێنانی کرێکاران لە دەرەوەی وڵاتەوە، هەروەها بە دەنیابوون لەوەی ئەو کەرتانەی داوای ڤیزەی کار بە بیانییەکان دەکەن هاهێنان بە بەریتانییەکان دەکەن بە ئەو کارە.

ئەم یەکەم جارە کە کەر ستارمر پابەند دەبێت بە کەمکردنەوەی کۆچ ئاگەر بێتە سەر دەسەڵات، پارتیەکەی نزیکەی 20 خاڵ لە پێش پارتی پارێزگارانی سوناک وەزیران ئیشی سوناک دایە.

ستارمر دەشێت: "من لە بەرژەنگاریەکە خەم بەدوور ناهێم" و ئیدانەی شکستی پارتی پارێزگاران دەکات لە ڕاگریکردن لە چوونی کۆچبەران بە بەریتانیا سەرەڕای بەڵێنەکانیان و وتیشی: "دەبێت هەمیشە بژاردەی ئەوەمان هەبێت کە یەکەم جار کرێکارێکی بەریتانی بەکاربهێنین"، لە کاتێکدا ڕاژنامەکە ئاماژەی بە مەترسی ئەوەکرد کە ئەو جۆرە بڕیارانە ببنە هۆی جەنگ لەگەڵ باڵی چەپی حیزبەکەیدا.